# سیاسەتی یاسایی چوارچێوەی شیعی لە هەمواری "باری کەسی"دا

**د. یاسین تەها،** پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

**دەسپێك**

پاش ساڵانێکی زۆر لە مشتومڕ و دوو هەوڵی دیکەی سەرنەکەوتوو لە پاش 2003، پەرلەمانی عێراق، لەژێر گوشاری "چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعی"دا، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ هەمواری یاسای باری کەسیی عێراق (188ی 1959) تێ پەڕاند؛ بەم پێیەیش پرۆژەکە لەسەر نەخشەی خوێندنەوەی دووەم و پاشان دەنگدان و تێپەڕاندنە. ئەم پێشهاتە و نێوەڕۆکی هەموارەکە، هەروەها لێکەوتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانیشی لەسەر ئاستی جیاجیا جێگەی گفتوگۆ و مشتومڕن و لە نێوەندی زنجیرە یاسایەکدا دێن کە وردە وردە گۆڕانکاری لە شوناسی دەوڵەت و کۆمەڵگەدا دەکات. ئەم شرۆڤەیە تیشك دەخاتە سەر لایەنەکانی ئەو هەموارە.

**باری کەسیی 188 و مێژوویەك لە هەموار و ناڕەزایی**

یاسای باری کەسیی ژمارە 188، لە سەردەمی کۆماری یەکەمی پاش قۆناغی پاشایەتی لە عێراق دەرچووە. بنەڕەتی ئەم یاسایەیش بەرهەمی کاری لیژنەیەکی تایبەتمەندی وەزارەتی دادی عێراق بووە و لە شوباتی 1959 دەستبەکار بوون. ئامانجی لیژنەکەیش دانانی یاسایەکی باری کەسی بووە لە بوارەکانی هاوسەرگیری و جیابوونەوە و ڕێکخستنی خێزان، لەسەر بنەمای پابەندی بە حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی؛ لەمەیشدا ئەوانەیان وەرگرتووە کە ڕێککەوتنیان لەسەرە بەبێ پابەندبوون بە هیچ ئایینزایەکی شەرعزانیی دیاریکراوی شیعی و سوننی. لیژنەکەیش لە کۆتاییەکانی هەمان ساڵ کارەکانی تەواو کردووە و یاساکەی گەڵاڵە کردووە، بەڵام لە نێوان ساڵانی 1963 _ 1999دا لە عێراق 17 جار ئەم یاسایە هەموار کراوەتەوە و دەستکاری کراوە بەپێی پێشهاتە جۆربەجۆرەکان[1]. لە هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوە لە یاسای 15ی 2008دا هەموار کراوەتەوە؛ ئەم هەموارەیش جیاوازە لەوانەی عێراق[2].

بەپێی نوسخەکانی یاساکە سەرجەم هەموارەکانی ناوەند بۆ یاسای 188ی 1959 لە چوارچێوەی ئایینزاکانی "جەعفەری" و "حەنەفی"دا بوون کە یەکەمیان ڕێباوەڕی مامەڵەی زۆرینەی پەیڕەوانی شیعەیە، دووەمیش هی سوننەکانی بەغدا. بەڵام ئێستا شیعەکان یاساکە و هەموارەکانیان بەدڵ نییە و پێیان وایە ئەم یاسایە بەرهەمی سەردەمی باڵادەستیی شیوعییەکانە لە حوکمڕانیی عێراقدا؛ بەو پێیەی لە کۆماری یەکەمدا گەڵاڵە کراوە[3].

لە کاتی دەرچوونی یاسای باری کەسیدا (1959) مەرجەعی باڵای شیعە ئایەتوڵڵا "موحسین ئەلحەکیم" (مردووە: 1970) ڕەخنە و ناڕەزاییی زۆری لە یاساکە هەبووە و پێی وا بووە کە هەندێك لە ماددەکانی لەگەڵ شەریعەتدا ناجۆرن. هەر بەم هۆیەیشەوە لەگەڵ زانا ناسراوەکانی دیکەی شیعە لە نەجەف

ناڕەزایینامەیان گەیاندۆتە "عەبدولکەریم قاسم" کە سەرۆکوەزیران بووە، بەفەرمییش داوای هەڵوەشاندنەوەی یاساکەیان کردووە[4]؛ بەڵام دیارە پێداگرییەکەیان سەری نەگرتووە.

لە پاش 2003 و باڵادەستبوونی هێزە شیعەکانیش دوو جار هەوڵ دراوە یاساکە هەموار بکرێت، بەڵام بەئاکام نەگەیشتووە؛ یەکەمیان لەسەردەستی عەبدولعەزیز حەکیم لە سەردەمی ئەنجومەنی فۆمانڕەوایی (2004)، دووەمیش لە ویلایەتی دووەمی مالیکی (2013) لەسەر دەستی حزبی فەزیلەی ئیسلامی کە وەزارەتی دادی بەدەست بووە و پڕۆژەکەی لە ئەنجومەنی وەزیرانیش تێ پەڕاندووە[5]. ئێستایش کە چوارچێوەی شیعی سوورن لەسەر هەمواری گشتیی ئەو یاسایە، وەها لێك دراوەتەوە کە جۆرێکە لە تۆڵەکردنەوە لەو یاسایەی کە بەنابەدڵیی ئەوان زیاتر لە شەش دەیەیە بەرکارە.

لایەنگرانی یاساکە پێیان وایە ڕاستە یاساکە هی سەردەمی عەبدولکەریم قاسمە، بەڵام کەڵەکەبوونی ئەزموون و کەلتووری شەرعزانیی چەند وڵاتێکی ترە و دەربڕی سیمای مۆدێرنانەی دەوڵەتە لە ڕێگەی بەمەرجەعکردنی دادگە و دامەزراوەکانی لە ڕێکخستنی باری کەسی لە بری شەرعزان و سەرۆکهۆز و سەرۆکخێزان. بەڵام کۆمەڵێکی زۆر لە شەرعزانەکانی شیعە ئەمەیان بە زیادەڕۆییکردن لەسەر دەسەڵاتی ئەوان لێك داوەتەوە لە ڕێکخستنی باری خێزاندا[6]؛ بەو پێیەی خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵە. بە درێژاییی ئەو شەش دەیەیشی یاسای 188 بەرکار بووە، سیستەمی دادوەریی عێراق دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرم کردووە و چەندان بڕیاری بەناوبانگی لە دادبینییەکانیدا داوە کە بوونە پێشینە. بە شێوەیەکی گشتییش لەم ڕێگەیەوە شوناسی هاووڵاتیبوون بەسەر ئینتیمای ئایینزاییی جیاجیادا زاڵ کراوە و ڕێگە لە دابەشکردنی یاساییی عێراقییەکان لە دادگەکاندا گیراوە.

**نێوەڕۆکی هەمواری باری کەسی**

بەپێی ئەو پڕۆژەیەی کە لە پەرلەمان لە 4ی ئابی 2024دا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و بەردەستە[7]، گرنگترین بڕگەکانی هەموارکردنەوە نوێیەکانی پڕۆژەیاساکەی باری کەسی بریتین لە:

– سەرپشککردنی تاکی عێراقی بۆ هەڵبژاردنی ئەحکامی یاسای باری کەسیی خۆی و خێزانەکەی بەپێی بیروباوەڕ و ئایینزاکەی (شیعە و سوننە)؛ لەگەڵ ئەمەیشدا هاوسەرەکان بۆیان هەیە ئەوە نەکەن و بە بڕگەکانی یاسای باری کەسیی 188ی 1959 پەیوەست بن، کە مۆرکی ئایینزاییی پێوە دیار نییە و دادگەکان دەکاتە مەرجەعی یەکلاییکردنەوەی بابەتەکانی باری کەسی (هاوسەرگیری، جیابوونەوە، نەفەقە، بەخێوکردنی منداڵ و هتد).

– بڕگەکانی جێبەجێکردنی شەریعەت لە هەمواری نوێدا، بە دوو پاکێجە ئەحکام ڕێك دەخرێنەوە: یەکێکیان بۆ فیقهی جەعفەریی شیعی و، ئەوی دیکەیان بۆ فیقهی ئایینزای سوننی. ئەم پاکێجانەیش لەلایەن ئەنجومەنە زانستییەکانی شەرعزانیی دیوانەکانی ئەوقافی شیعە و سوننە بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەوڵەت ڕێك دەخرێت. لە حاڵەتی هەبوونی ناکۆکییشدا ڕای شەرعزانە ناسراوەکان بەهەند وەردەگیرێت. بۆ پەیڕەوانی شیعەیش، ڕای ئەو مەرجەعەی زۆرترین شوێنکەوتەی هەیە بە یەکلاکەرەوە دانراوە. ماوەی کۆتاییی ئامادەکردنی ئەم دوو پاکێجەیش شەش مانگ پاش دەچوونی هەموارەکەیە.

– دادگەکان پابەند دەکرێن بە پشتڕاستکردنەوەی گرێبەستەکانی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگە کە لای

شەرعزانەكان ڕێك دەخرێت و ئیمزای مامۆستا ئایینییەكانی لەسەرە؛ هەر كەس بەپێی ئایینزای تایبەتی خۆی (شیعە و سوننە).

– پێگەیشتن (باڵغبوون) كراوەتە بنەما بۆ هاوسەرگیریی كوڕ و كچ بەبێ دیاریكردنی ساڵی تەمەن؛ ئەمەیش جێگەی مشتومڕە و دواتر دێینە سەری.

– بەبنەماكردنی ئایینزای كوڕ یان پیاو لە باری كەسی لە كاتی سەرهەڵدانی ناكۆكی لە نێوان ژن و پیاو لەبارەی ژیانی هاوسەرگیری. ئەگەر لە خێزانێكیشدا ناكۆكی هەبوو لەبارەی ئەو ئایینزایەی پەیڕەویی لێ دەكەن، "پەنا دەبردرێتە بەر شەریعەت" بەبێ ڕوونكردنەوەی زیاتر.

## دۆخی هەمواركردنی یاسای باری كەسی

پێداگریی لایەنە شیعەكان لەسەر هەمواری یاسای باری كەسی لەم خولەی ئێستای پەرلەمان لە كاتێكدایە كە چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە جومگە گرنگەكانی یاسادانان و جێبەجێكردن و سیستەمی دادوەرییشیان لەدەستدایە. بەر لەم پڕۆژەهەموارەیش، زۆرینەی شیعە هەر لەمساڵدا لەناو پەرلەمان، سەرباری ناڕەزایەتیی زۆر، یاسای بەفەرمیناساندنی "ڕۆژی غەدیر"یان وەك جەژنی نیشتمانی لە عێراق بە زۆینەی دەنگ تێ پەڕاند[8]؛ پاریش (2023) لە یاسای شارەوانیدا جێگەیان بۆ قەدەغەكردنی فرۆشتنی مەی و ماددە كحولییەكان كردەوە[9]. ئەمەیش ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە قۆناغێكی نوێی بەئایینیكردنی شوناسی دەوڵەتی عێراق بە شێوازی شیعی دەستی پێ كردووە؛ بەو پێیەی گۆڕانكارییە یاساییەكان زیاتر گوزارشت لە داكەوتەی باڵادەستیی چوارچێوەی شیعی دەكەن و، تانوپۆی پڕۆژەكانیش هەڵقووڵاو و دەرهاوێشتەی عەقڵی شەرعزانی و پێداویستییە ئایینزاییەكانی شیعەیە.

ئەوانەیشی پڕۆژەی هەموارەكەی یاسای باری كەسییان لە پەرلەماندا دابەش كردووە، بە پێنووسێكی سووری سۆفت لەسەریان نووسیوە "لەسەر ڕاسپاردەی مەرجەعییەتە"[10]؛ بەبێ ئەوەی بزانرێت كێ ئەوەی نووسیوە و مەبەستیشیان لە مەرجەعییەت چییە! تا ئێستایش "مەرجەعییەتی سیستانی" بەفەرمی لە ئاستی ئەم مشتومڕە و هەموارەیاساكە بێدەنگیی هەڵبژاردووە. ئەمەیش میكانیزمێكی باوی پەیڕەوكراوە لەلایەن مەرجەعییەتی نەجەفەوە لە كاتی تەنگژەكان. بەڵام ئەگەر لەسەر بێدەنگییەكەی بەردەوام بێت، ئەوە لایەنگرانی هەموارەكە، دەیقۆزنەوە و لە بەرژەوەندیی ئەواندا دەبێت، مەگەر بەئاشكرا ڕەتی بكاتەوە؛ ئەوكات بەپێی ئەزموونەكانی ڕابردوو هەموارەكە پەكی دەكەوێت چونكە فەتوا و ڕێنماییەكانی سیستانی وەك دەستوور و یاسای نەنووسراو وەهان.

## ڕەخنەی ناڕازییەكان

ناڕەزایی لە هەمواری یاسای باری كەسی، دەنگدانەوەی زۆری هەیە و گەیشتووەتە میدیا جیهانییەكان و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكانیش. بە شێوەیەكی گشتی ئەوانەی ناڕازین و خۆپیشاندان و گردبوونەوەیشیان لە نەجەف ڕێك خستووە، چەند ڕەخنەیەكیان هەیە كە دەشێت سەرجەمیان بەم جۆرە كورت بكرێتەوە:

– تۆخكردنەوەی تائیفەگەری و مەزهەبگەرایی لە عێراق لە ڕێگەی دیاریكردنی شوناسی ژن و مێرد لە تۆماری مارەبڕین، لە كاتێكدا هیچ بەڵگەنامەیەكی فەرمیی عێراق ئێستا ئەوەی تێدا نییە. هەروەها هەموارەكە

دەرگەی لێکترازانی زیاتر دەکاتەوە و بەفەرمی و یاسایی کۆمەڵگەی عێراقی بەسەر چەند ئایینزایەکدا پۆلێن دەکات کە شیعە و سوننە و لە دەرەوەی ئەوانیش پێکهاتە ئایینییەکانی ترن.

– پێشێلکردنی مافی ژن و، لێدان لە دەستکەوتەکانی لە ڕێگەی باڵادەستکردنی پیاوان و بەهەندوەرگرتنی خواست و بەرژەوەندییەکانیان لە هەموارەکەدا، بۆ نموونە دەکرێت هەموارەکە بقۆزرێتەوە بۆ ئایینزاگۆڕینی پیاوان لە کاتی جیابوونەوەدا لە پێناو کەڵکوەرگرتن لە نزمی و کەمیی بڕی مارەیی و قەرزی مارەیی لە فیقهی شیعیدا. هەروەها گرنگی بە ئایینزای پیاو دراوە لە هاوسەرگیری و، ئەو مافەیش لە ژن زەوت کراوە کە ئایینزای هەڵبژێردراو بە خواستی ئەو بێت.

– دەرگەکردنەوە بۆ مارەی کاتی و بچڕبچڕ (المتعة) لە دەرگەی بەپێوەرکردنی فیقهی شیعییەوە بۆ ڕێکخستنی باری کەسی. لەم هاوسەرگیرییەیشدا مافی ژنان دەکەوێتە بەر مەترسیی پێشێلکاری و، ژیانێکی جێگیری کۆمەڵایەتی بەرقەرار ناکات.

– دەرگەکردنەوە بۆ مارەکردنی کچانی خوار 14 ساڵ و بگرە 9 ساڵانیش؛ چونکە لە دانراوە فیقهییەکانی شیعیدا (سیستانی بەتایبەت) ڕێگە بە مارەکردنی کچی تەمەن 9 ساڵ دراوە (بڕوانە: المسائل المنتخبة، ص 262). ئەمەیش عێراق دەگێڕێتەوە بۆ وێناکردنی خراپی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و، مەترسییەکانی توندوتیژیی جەستەیی و سێکسی لەسەر منداڵان زیاتر دەکات و لێکەوتەی دەروونی و بێبەشبوون لە خوێندنی هەیە، بەتایبەت کە هاوسەرگیریی منداڵان لە عێراق خۆی لە بنەڕەتدا لە هەڵکشاندایە .[11] لەم نێوەیشدا "ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان" داوا لە پەرلەمانتاران دەکات ئەوە لەبیر نەکەن عێراق ڕێککەوتننامەی مافی منداڵانی پەسەند کردووە. دەشڵێت: "پێشنیارەکان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی بە هەموو شێوەیەك پێچەوانەی بنەما سەرەکییەکانی ڕێککەوتننامەی مافی منداڵانە"[12].

– دروستکردنی مەرجەعییەتی یاسایی سێبەری ئایینزاکانی شیعە و سوننە (ئەنجومەنەکانی شەرعزانیی ئەوقاف) لە پەنا دادگەکاندا.

– هەموارەکە دابڕینی خەڵکە لە دەوڵەت و دژی ئاوێتەبوونی خەڵك و دەوڵەتە (لە سیستەمە نوێ و هاوچەرخەکاندا دەوڵەت نوێنەرایەتیی سەرجەم هاووڵاتیان دەکات). دەزگە مەزهەبی و بەرتەسکەکانیش کە لە یاساکەدا کراونەتە مەرجەع، تەنیا دامەزراوەی باوەڕدارەکانن[13].

– زۆر لە شەرعزانەکانی شیعەی عێراق "بەڕەچەڵەك ئێرانین و دەشێت لە سروشت و پێکهاتەی عێراق تێ نەگەن، کەچی لە هەموارەکەدا کراونەتە سەرچاوە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی باری کەسی"[14].

– کێشەی زۆر لە دەرەوە بۆ عێراق دروست دەکات و دەیکاتە جێگەی ڕەخنەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. ئەمەیش لێکەوتەی خراپی لەسەر دۆخی ئابووری و پۆلێنی عێراق دەبێت.

– دیاریکردنی ئەو مەرجەعەی کە "شوێنکەوتەی زۆرتر"ی هەیە کە لە هەموارەکەدا بۆ یەکلاییکردنەوە ئاماژەی پێ کراوە، کێشەی دیاریکردنی دروست دەکات و میکانیزمێك نییە بۆ دەستنیشانکردنی. ئەمەیش قەیرانێکی لابەلای لێ دەکەوێتەوە.

– سەرباری هەبوونی پاڵپشتی لە دەستوور بۆ ئەوەی هەموو پێکهاتەیەك یاسای باری کەسیی خۆی هەبێت

(ماددەی 41)، بەڵام زۆر ماددەی دیکە هەن پێچەوانەی ئەمانەیش؛ لەوانەیش ماددەی 14 کە جەخت لە یەکسانی لە بەردەم یاسا و قەدەغەکردنی جیاکاری دەکاتەوە لەسەر بنەمای ڕەگەز، نەتەوە، ڕەچەڵەك، ڕەنگ، ئایین، ئایینزا، بۆچوون و دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی[15].

– هەموارەکە دیوانەکانی وەقفی شیعی و سوننی ڕادەسپێرێت کە پاش شەش مانگ لە هەموارەکە یاسا و ڕێنماییی خۆیان ئامادە بکەن. ئەمەیش بە مانای ئەوە دێت کە یاسایەك دەردەچێت بەبێ زانینی نێوەڕۆکەکەی لە کاتی دەرچووونیدا.

– ئەم پەرلەمانەی ئێستا، نوێنەرایەتیی کەمترین خەڵکی عێراق دەکات بەراورد بە خولەکانی پێشوو، بەهۆی بایکۆتی دەنگدان و کشانەوەی "سەدرییەکان"ەوە. بەم پێیەیش مافی تێپەڕاندنی ئەو هەموارەی نییە.

– فەتوا مەزهەبییەکان دژیەکیی زۆریان لەگەڵ بڕگە یاساییەکان هەیە لە بابەتەکانی فرەژنی، هاوسەرگیریی کاتی، بەخێوکردنی منداڵ لە پاش جیابوونەوە؛ هەروەها دەشێت لە هەموارەکەدا بە جۆرێك بن پێچەوانەی خواست و پێداگریی بەرگریکارانی ژن بن.

– بۆچوونێکی دەروونناسی هەیە باس لەوە دەکات هەموارەکە ڕێسا و بەندوباوە کۆنە خراپەکان زیندوو دەکاتەوە کە ئارەزووی مارەکردنی کچانی منداڵە لەنێو کەلتووری عەرەبیدا، بەتایبەت لە گوندەکان. پەند و ئیدیۆم و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیش هاندەری ئەمەن بەبێ گوێدانە پێکەوەگونجانی دەروونی و ڕۆحیی ژن و پیاو.[16]

– ڕاپۆرتە بەردەستەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە زۆربەی کێشە خێزانییەکان لەنێو مارەبڕاوە هەرزەکارەکان و، ئەم هەموارە کە پاساوەکەی کەمکردنەوەی جیابوونەوەیە، کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات. ![17]

## پاساوی بەرگریکاران

بەرامبەر ناڕەزاییی چالاك و ڕێکخراوە مەدەنییە سیکۆلارەکان، یاساناس و پەرلەمانتاران و ناوەندە ئایینییەکانی شیعەیش کەمپینێکیان هەیە بۆ بەرگریکردن لە هەموارەکە و، دەشێت بەم جۆرە ئاماژە بە نێوەڕۆکی سەرنجەکانیان بکرێت:

– ڕێکخستنەوەی بابەتی باری کەسی لە کۆمەڵگەکاندا پێویستییە؛ عێراقیش پێویستیی بە یاسایەکە خێزان بەیەکەوە ببەستێتەوە نەک یارمەتیدەر بێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی. ئەو یاسای باری کەسییەی کە ئێستا کاری پێ دەکرێت، هەڵقووڵاوی ژینگەی عێراقی نییە و پێویستیی بە گۆڕانکارییە[18]. ئەم بۆچوونە پێی وایە گۆڕانکاری شتێکی سروشتییە و، نابێت بە نامۆ و خراپ تەماشا بکرێت.

– هەموارەکە هەندێك لایەنی باشی تێدایە، لەوانەیش: "بەخشینی نەفەقەی شایستە بە ژنان؛ ژن مافی ئەوەی هەیە وەک بریکاری هاوسەرەکەی مامەڵە بکات بۆ ئەوەی هەر کاتێک بیەوێت خۆی لە هاوسەرەکەی جیا بکاتەوە؛ هەروەها مافی ئەوەی پێ دەدات کە بە شێوەیەکی یاسایی خۆی بپارێزێت بە تۆمارکردنی هاوسەرگیرییەکەی لە بری ئەوەی لە دەرەوەی دادگە و بەبێ ماف بمێنێتەوە"[19].

– بەهۆی ئەوەی زۆرینەی پەرلەمان (چوارچێوەی شیعی) نوێەرایەتیی زۆرینەی دەنگدەران دەکات، مافی خۆیەتی سیاسەتی یاسایی خۆی پەیڕەو بکات و، ئەمەیش پێچەوانەی دیموکراسییەت نییە.

– لە هۆکاری دەرچوواندنی هەموارەکەشدا ئاماژە بەوە کراوە نابێت هیچ یاسایەك دەرچێت لە عێراق کە پێچەوانەی شەریعەت بێت[20]، وەك ئاماژەیەك بۆ نەگونجانی یاسای 188 لەگەڵ شەریعەت.

– هەموارەکە لەگەڵ دەستووری هەمیشەییی 2005دا دەگونجێت و جێبەجێکردنی دەقاودەقی بڕگەکانی ماددەی ٤١ی دەستوورەکەیە کە تێیدا هاتووە: عێراقییەکان ئازادن لە پابەندبوون بە باری کەسیی خۆیانەوە، بەپێی ئایین، مەزهەب، بیروباوەڕ، یان هەڵبژاردنەکانیان و، ئەمەیش بە یاسا ڕێک دەخرێت[21].

– نوێنەرە شیعەکان باس لەوەیش دەکەن کە لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان کەمینەکان مافی هەڵبژاردنی بڕگەکانی باری کەسیی خۆیانیان پێ دراوە، کەچی لە عێراق زۆرینە ناچارن ملکەچی حوکمڕانی و بۆچوونی کەمینە بن و ئەوان دەیانەوێت ئەمە ڕاست بکەنەوە[22].

– هەندێك لە پەرلەمانتارە ناسراوەکانیان پێیان وایە هەموارەکە گەرەنتیی پاراستنی خێزانی عێراقی و ماف و پێگەی ژن دەکات بەپێی ڕێنماییەکانی ئیسلام. ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنییش کە دژایەتیی یاساکە دەکەن "بوقی بەکرێگیراون و پارە لەو وڵاتانە وەردەگرن کە پشتیوانی لە ڕیزپەڕیی سێکسی دەکەن"[23].

– یەکێك لە پیاوە ئایینییە دەرکەوتووەکانی شیعە (سەید ڕەشید ئەلحوسێنی) لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا جەخت لەوە دەکاتەوە هەموارەکە دروستە؛ ئەوانەیش کە دژی هەموارەکەن بە "فاسد" تۆمەتبار دەکات؛ هەڕەشەی ئەوەیش لە لایەنە شیعەکان دەکات ئەگەر لەوە زیاتر گوێ بۆ گوشارەکان بگرن، ئەوە ئەمان هەڵوێستی تریان دەبێت و، دەڵێت "ئارامیمان سنووری هەیە" و جەخت لەوە دەکاتەوە خەڵکی "بێدین" نابێت ڕێگە بۆ دیندارەکان دابنێن، چی باشە و چی خراپە بۆیان[24].

**لێکەوتەی یاساکە لەسەر هەرێمی کوردستان**

یاسای باری کەسیی عێراق لە کوردستانیشدا بەرکارە؛ هێندە هەیە لە ساڵی 2008 لە هەرێمیشدا هەموار کراوەتەوە. ئەمەیش ئەگەری ئەوە بە دوای خۆیدا دەهێنێت کە هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە لە بەغدا ببێتە هۆی لەقبوونی کارکردن بە یاساکە لە کوردستاندا. بەڵام بەپێی بڕیاری ژمارە 11ی 31/ 8/ 1992ی پەرلەمانی کوردستان، یاساکانی حکوومەتی ناوەندیی عێراق ڕاستەوخۆ لە هەرێمی کوردستاندا بەرکار نابن، بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندا ناگونجێن؛ بۆ بەرکاربوونی یاساکانی ناوەندیش دەرکردنی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بۆیان کراوەتە مەرج[25]. بەپێی ئەم بڕیارەیش، دەشێت دەسەڵاتە جێبەجێکارەکانی هەرێمی کوردستان نەچنە ژێرباری هەمواری یاسا فیدراڵییەکە، ئەگەر هات و بۆچوونیان وەها بوو کە شایستە و شیاو نییە. بەڵام بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەن یاسای تایبەتی خۆی نییە بۆ باری کەسی و کار بە یاسای فیدراڵیی 188ی 1959 و هەموارە لۆکاڵییەکەی دەکات، دەشێت بە جۆرێك لە جۆرەکان هەڵوێستی زۆر بەهێز نەبێت لە بەرگریکردن لە یاسا بنەڕەتییەکە ئەگەر هات و لە بەغدا هەڵوەشێنرایەوە یان هەموار کرا.

بە شێوەیەکی گشتییش ئەم مشتومڕەیشی کە ئێستا لەسەر یاسای باری کەسی هەیە لە عێراق، ئەوەی

ئاشکرا کرد، هەرێمی کوردستان پێویستیی بە یاسایەکی باری کەسیی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەمەیش خولی شەشەمی داهاتووی پەرلەمان دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی و ئەرکی دەرکردنی ئەو یاسایە، بەتایبەت ئەگەر هات و یاسا بنەڕەتییەکە لە عێراق گۆڕانکاریی تێدا کرا.

**کۆبەند**

هەمواری یاسای باری کەسی لە عێراق دەچێتە خانەی سیاسەتی یاساییی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کە ئامانج لێی زاڵکردنی مۆرکی ئایینی و مەزهەبیی شیعییە بەسەر کایەکانی ژیان لە عێراقدا بە کەڵکوەرگرتن لە باڵادەستیی تەواوەتی لەم خولەی پەرلەماندا. هەموارەکە جێگەی مشتومڕ و ناکۆکیی زۆرە و هەندێك لێکەوتەی نەرێنییشی لەسەر عێراق هەیە. بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستانیش پەیڕەوی لە یاسا بەئامانجگیراوەکە دەکات، ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ هەموارەکە دەبێتەوە ئەگەر تێ پەڕێنرا. سەرباری ئەوەیشی کە دەرچەی یاسایی هەیە بۆ ئەوەی هەرێم کار بە یاساکە نەکات، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە هەرێم پێویستی بە یاسایەکی تایبەتی باری کەسی هەیە لەگەڵ ژینگە و داکەوتەی ژیانی خەڵکەکەیدا تەبا بێت و، ئەمەیش دەبێت لە پەرلەمانی ئاییندەدا ببێتە ئەولەوییەت.


[1] https://bit.ly/4dKrK4S

[2] https://bit.ly/3M3QOYK

[3] https://bit.ly/3M46j2Y

[4] https://bit.ly/3AjAq3T

[5] https://bit.ly/46RwZO3

[6] https://bit.ly/3X1oAnR

[7] https://bit.ly/4djXCxD

https://bit.ly/46Juw8d

[8] https://bit.ly/4clShV7

[9] https://bit.ly/4fEdo7X

[10] https://bit.ly/3M3ttXh

[11] https://bit.ly/46OmomX

[12] https://bit.ly/3yv9PAu

[13] https://bit.ly/3X1oAnR

https://bit.ly/4dIKlOH [14]

https://bit.ly/4djlnWF [15]

https://bit.ly/4dkTEVv [16]

https://bit.ly/4dkTEVv [17]

https://bit.ly/4dzRFwe [18]

https://bit.ly/4dzRFwe [19]

https://bit.ly/3yESHrS [20]

https://bit.ly/3SLGBnI [21]

https://bit.ly/4djXCxD [22]

https://bit.ly/3yzh5eB [23]

https://bit.ly/3WJPijv [24]

https://bit.ly/4dJlpHa [25]